# مامۆستایانی سلێمانیو دەوروبەری
# نارەزایەتی دەرئەبڕن

ماوەیەکە کە مامۆستایانی شاری سلێمانیو هەندێك ناوچەی گەرمیانو قەڵادزەو ماوەت، لیستی سەدان کەسی ئیمزایان کۆکردۆتەوە، لەژێ بڕیاری دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان، کەبڕیارە لە هەردوو مانگی 7و8دا نەدرێت بەمامۆستایان، کەبڕەکەی 250000دینارە.

سەبارەت بەم هەڵمەتەوە بەرنامەی ئەو لیژنەیەی کە سەرپەرشتیاری ئەم کارە ئەکەن، مامۆستا هونەر کریم کە یەکێك لە سەرپەرشتیکارانی ئەم کەمپینەیە ووتی:

ئێمە نارەزایەتیمان دەربڕیوە بەرامبەر بڕیاری بڕینی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایانو بۆئەم مەبەستە وەك شێوەیەکی سەرەتایی بەئیمزا کۆکردنەوە کردوە، تائێستا بەسەدان مامۆستا ئیمزای نارەزایەتی کردوە دژ بە بڕینی دەرماڵەی پیشەیی، چونکە دەرماڵەی پیشەیی تەنها ئەو چەند سەعاتە ناگرێتەوە کە مامۆستا لەناو پۆلە، بەڵکو بڕێك خەرجە بۆ سەرجەم کاتەکانی پێویستیەتی، ئێمە هەرچەندە پێمان وایە کە ئەو دەرماڵەیە زۆرکەمەو وەڵامی نیازی هیچ کەسێکی پێنادرێتەوە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ چونە سەری ڕۆژانەی نرخی شتومەکانو پێداویستیە سەرەکیەکان ئەکرێت ئەم برە پارەیە کەلێنێکی بچوکیش بێت پڕ بکاتەوە. بەڵام ئەوەتا وەزارەت بەنیازی بڕینی ئەم پارەیەیە.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتو، مامۆستا هونەر ئەڵێت: ئێمە سەرەتا ئەم لیستی ئیمزایانەی کە کۆمان کردوەتەوە لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو ئەکەینەوە، پاشان نوێنەر دیاری ئەکەین کە سەردانی وەزارەتو ئەنجومەنی وەزیران بکات بۆ گەیاندنی پەیامی مامۆستایان بە دەسەڵاتداران، وەهاوکات لیژنەیەکی فراوانتر بۆ فراوان کردنی ئەم هەڵمەتەمان پێك ئەهێنینو هەوڵئەدەین کە لیستی چەند هەزار ئیمزای کۆبکەینەوەو لەئەگەر بەدەنگەوە نەهاتنی ئەنجومەنی وەزیران مانگرتنی سەراسەری ڕابگەیەنینو هەڵوێستیتر بنوێنین. چونکە ئێمە پێمان وانیە کە قەیرانێکی مالی هەیەو دەسەلاتدران بە بڕینی ئەو دەرماڵەیەی مامۆستایان گرفتێکی گەورەی خەڵکی کوردستان چارەسەر ئەکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشەداهاتی کوردستان لەپارەی ناوەندو داهاتەکانی کوردستان هێندە زۆرە بەشی زیادکردنی موچەی سەرجەم کارمەندانی هەرێم ئەکات. ئیتر بۆچیو بەکام پاڵنەر بەنیازی بڕینی پاروی دەمی خێزانەکانی مامۆستایانن؟؟